# سەردەمی نوێ

رۆژنامەیەکی سیاسی - فەرهەنگی کۆمەلایەتیە

سالی سێیەم  ژمارە ٢٩  جۆزەردان - یونی ١٩٨٨  نرخی ١٠ کرونە


لەم ژمارەیەدا :


- بریارەکانی پارلەمانی ئوروپی لە ...
- سەر لە نوێ بروتنەوەی سەرهەلدانەوەی کورد
- دەنگدانەوەی جینایەتی بەعسی لە ..
- بانگەوازێک
- هەلەبجە سەرەتایە بۆ کوشتارێکی ..
- ئا برائیان جوابی چی ؟
- راپۆرتێک لە کوردستانەوە
- مەرگەباران
- دیدارێکی خۆش و ئاخافتنێک
- بەیانێ لەسەر پێکهاتنی کوردستانی عێراقی
- یادی ٤١ سالەی چوار شەهیدی رێگای ئازادی .


## مەسەلەی کورد لە پارلەمانی تورکیا

پتر لە شێست سالە رێژیمی بورژوازی تورکیە بە هەموو حکومەتەکانیەوە کە هاتوونە سەر کارو دەسەلاتیان گرتۆتە دەست بە هەموو توانار تێنەوە بۆ سرینەوەی ناو و شوێنەواری کورد و تواندنەوەی ئەو میللەتە کەونارایە هەولیان داوە .

تەماشای مێژوی رەشی دەسەلانداری حکومەتەکانی تورک بکەین سەر پاکی بە کوشت و کوشتارو گواستنەوەی کوردەکان و چۆل کردنی کوردستان رەش کراوەتەوە . جارێک بە تورکی چیایان ناو بردوون . دەمێک هەر بۆ ئەو " تورکە کێوی " یانە سێدارەیان هەل خستوەو دەستە دەستە لە داریان داون . جارێک بۆ گواستنەوە و دوور خستنەوە لە نیشتمان و لە بەر یەک بلاو کردنیان ، یاسای تایبەتیان داناوە . بەلام هەرگیز بە ئاوات نەگەیشتوون . کوردەکە هەر ماوە وەک چیا سەرکەشەکانی کوردستان خۆی راگرتوە . زمان و کولتورو داب و شوێنی نەتەوایەتی خۆی پاراستوە . نەک هەر ئەوە بەلکو ئالای خەبات و تێکۆشانیشی دانەناوە ، کۆلی نەداوە . هەر خەریک بوە خۆ کۆ بکاتەوەو خۆ رێک بخاو هەر کاتێک دەرفەتی هێنا بێ دەستی لە دوژمن وەشاندوە . دوژمنی کوردی هەمیشە لە ترس و نیگەرانی دا راگرتوە . بە گوێرەی بارو دۆخی رەخساو بە نهێنی و بە ئاشکرا ، بە هێمنانەو بە چەکداری خەباتی کردوە .


بۆ لاپەرەی ٢


## شورای ئەمنیەت بەکار هینانی چەکی کیمیاوی مەحکوم دەکا

شورای ئەمنیەتی کۆمەلی نەتەوە یەکگرتووەکان ، بە نیگرانی دەنگ لە بریارنامەیەکدا ، بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی لە شەری ئێران و عێراقدا ... و داوای لە تەواوی ولاتەکان کرد کە ناردنی بەرهەمی کیمیاوی بۆ ئێران و عێراق بە وردی بخەنە ژێر چاوەدێری و کونترولەوە .

شورای ئەمنیەت هەروەها داوای لە دوو دەولەتی شەر کەر کرد کە لە داهاتوودا لە بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی دەست راگرن لە بریارنامەکەدا هاتوە : " شورای ئەمنیەتی کۆری نەتەوە یەکگرتووەکان ، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە شەری ئێران و عێراقدا کە لە گەل قەراردادی ژنێف لە سەر قەدەغە کردنی بە کار هێنانی چەکی کیمیاوی یەک ناگرێتەوە بە توندی مەحکوم دەکا . "

بریارنامەی شورای ئەمنیەت هەر چەندە بە گشتی بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی مەحکوم کردوە ، بەلام بریارنامەیەکی قرە بوودە لانە وێنی نیزە . بێ ئەوەی ناوی بەکار هێنەر و جینایەتکاری چەکی کیمیاوی و گازی ژاراوی بهێنێ ، بە چەند وشە و رازاوە لە راستیدا جینایەتی رێژیمەکانی ئێران و عێراقی داپۆشیوە . ئەندامانی شورای ئەمنیەت باش دەزانن کە کام دەولەتی سەنعەتی ئوروپای رۆژئاوا چەکی کیمیاوی و گازی ژاراوی بۆ حکومەتەکانی ئێران و عێراق دەنێرن و یان لە کارگاکانی خۆیان بەرهەمیان دەکەن .


بۆ لاپەرەی ٢


## رۆژی جیهانی مندالان



کۆمەلی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سالی ١٩٥٩ وە رۆژی هەوەلی مانگی ژوئەنی بە رۆژی جیهانی مندال داناوە بەو مانایە کە هەموو سالی لەم رۆژەدا پێویستە ئاهەنگ بۆ مندال ساز بکرێ و دیاری بیان بدرێتێ لە لایەن دایک و باب و دەرس دەری مەدرەسەو بنیادە کۆمەلایەتی و فەرهەنگیەکانەوە رێز لە کەسایەتی زاروک بگیرێ . مندال هەست بەوە بکا کە کۆمەل بە تەنگ پێ گەیاندن و پەروەردەکردن و بەختەوەری داهاتووی ئەوەوە .

بەلام بەداخەوە ئەو بریارەی کۆمەلی نەتەوە یەکگرتووەکان ، هەر وەک گەلێک یاساو بریارو هەنگاوی دیکەی ئەو رێکخراوە جیهانی بە تەنیا کاغەزیان پێ رەش کراوەتەوەو هیچی تر . کۆمەلی نەتەوە یەکگرتووەکان تا ئێستا بە کردەوە نەیتوانیوە هیچ هەنگاوێک بۆ بەجێ گەیاندنی بریارو بەیاننامەکانی هەل بگرێتەوە .

لە زۆر ولاتانی دنیا مندال بەلک هەر دەرەتانی پەروەردەکردن و هەلدان و خوێندن و یاری و خاوێنی نیە ، بەلکو لە خواردنی سەرەتایی و بژێوی رۆژانەش بێ بەشەو تەنانەت لە پرسیاریش دەمری . ئەو دراوەی کە دەولەتە سەرەکیەکان بۆ دروست کردنی چەک و کەرەسەی کوشتاری


بۆ لاپەرەی ٨


## پێک هاتنی بەرەی کوردستانی

رۆژنامەی "ایران تایمز" چاپی واشنگتۆن ، هەوالی پێک هاتنی بەرەی ئەش حیزبی سیاسی کوردەکانی عێراقی بلاو کردۆتەوە و دەنووسێ :

" حیزبە سیاسیەکانی کوردی عێراق لە گەل راگەیاندنی یەکێتیەکی تازەی حیزبەکانی کورد ، بلاویان کردەوە کە بۆ وەدەست هێنانی خودموختاری لە ناوچەی سەرووی عێراق و خەباتی دژی حکومەتی بەغدا "بەرەیەکی یەکگرتوویان" پێک هێناوە .

بە گوێرەی راپۆرتی هەوالدەری ئاسوشیتیدپرس ، رۆژی شەشی مانگی مای ٦ حیزبی سیاسی کوردەکانی عێراق کە ئێران پشتیوانیان لێ دەکا ، بۆ وەدەست هێنانی خود موختاری لە ناوچەی سەرووی عێراق دژی حکومەتی بەغدا خەبات دەکەن ، رایان گەیاندوە کە یەکیان گرتوە و "بەرەیەکی یەکگرتوو" یان پێک هێناوە . ئەو بەرەیە کە هەموو حیزبە کوردیەکانی دژی رێژیمی سەددام حوسێن سەرکۆماری عێراق وەبەر خۆ دەگرێ ، داوای " ئاسێنی مافی نەتەوا- یەتی کوردەکان " دەکا . یەکێک لە ئەندامانی کوردەکانی عێراق لە دیمشق لە یەکێتی تەلەفوونیدا لە گەل هەوالدەری ئاسوشیتیدپرس ، دەقی بەیاننامەی حیزبە یەکگرتووەکانی خوێندەوە کە مەسعود بارزانی رێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان ئیمزای کردبوو . حیزبی دیموکراتی کوردستان گەورەترین حیزبی " بەرەی تازەیە " .

لە بەیاننامەکەدا گوتراوە " یەکگرتنی تازە بە مەبەستی پتەو کردنی یەکێتی خەباتی ئێمە و توندکردنی بەر بەرەکانی لە بەرامبەر شەرێکدا کە رێژیمی عێراق بۆ کوشتاری گەلی کورد لە کوردستانی عێراق سازی کردوە پێک هاتوە " .

هەوالدەری ئاسوشیتیدپرس لە راپۆرتی خۆیدا دەلێ : "کوردەکانی عێراق کە ئێران پشتیوانیان لێ دەکا ، لە شەری نێوان ئێران و عێراقدا جەبهەیەکی دووەمیان لە چیاکانی سەرووی عێراق کردۆتەوە و حکومەتی بەغدایان والێ کردوە کە دەیان هەزار سەربازی خۆی لە جەبهەی ئەسلی شەرەوە بۆ


بۆ لاپەرەی ٨

# هەڵەبجە سەرەتایە بۆ کوشتارێکی مەزنتر

ڕۆژنامەی گاردیەن ، چاپی لەندەن ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٢٢ لە گۆشەی جیهانی سێ یەم دا ، ڕاپۆرتێکی نووسەری تایبەتی خۆی لە ڕۆژهەلاتی نێوەراست دیوید هرست بلاو کردۆتەوەو دەنووسێ : " ئەو هیروشیمایە کۆتایی شەر ناگەیەنێ ، بەڵکو سەرەتایەکی دژوارترە ، بۆ یەکەم جار لە ماوەی پێنج سالدا ئێران لە هێرشی زستان و لە زۆنگاوەکان و دەشت و بیابانی خوارو دا شکستی هێنا . جاران ئێران خوارووی بەمەبەست دەکرد بۆ هێرش لەبەر هۆی ئیزامی و سیاسی و بە هیوای سەرکەوتنی ئیزامی کاریگەر . هەروەها بۆ داگیرکردنی ناوچەیەکی بەرینی خوارووی خاکی عیراق و دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی کاتی لە ژێر سەرپەرشتی حجة الاسلام باقر الحکیم و ئەنجومەنی بالای شۆرشی ئیسلامی عیراق . چونکە ناوچەی ناوبراو زۆربەیان شیعەن .

بەلام لە لایەک بەرەی خوارو تەسک و بێ مەودایە ، لە لایەکی تر بەرگری و بەرزێتی بەهێزو پتەوی عیراق تەگەرەی خستبوە بەر دەم پێشکەوتنی هێزەکانی ئێرانی . ئێستاش ئێران تووشی شکانێکی سایکۆلۆجی هاتوە لەبەر لە دەست دانی شوێن پای لە دوورگەی فاو ، کە کاتی خۆی قوربانیەکی زۆری دا بۆ داگیر کردنی . لە هەمان کاتدا مەترسی لە دەستدانی هەر هەبووە .

بەلام ناوچەی شاخاوی و دژواری سەرو ، پتر لەگەل ستراتیژی تازەی ئێران دەگونجێ ، لە هەر دەرفەتێک هێزێکی بجوک بکا . هێرش و پەلاماری ئەو دووایی یەی هەڵەبجەو داگیرکردنی خاکی عیراق بە پانایی دوورگەی فاو ، ڕێگا خۆش کەرێ هەنگاوی تر بوو .

لەسەرتای سالی ڕابردوو لە گەل بڕیاری سەدام حوسێن کە عەلی حسن المجیدی کوڕە مامی خۆی کردە حاکمی فرە خاوەن دەسەلاتی کوردستان ، قوناخێکی نوێ دەستی پێ کرد ، بە پێی سەرچاوە کوردیەکان ، حکومەتی عیراق لە نیسانی پار دا ڕاستەو خۆ کەوتە بەکار هێنانی گازی ژاراوی لە کوردستان و لە ماوەی سالی ڕابردوودا ٦٧ جار عیراق گازی ژاراوی بە کار هێناوە . نەک تەنیا دژی پێشمەرگە ، بەلکو دژی خەلکی شارستانی گوندە دوورەکانی مەیدانی شەر . چۆل کردنی کوردستان لە دانیشتوانی ، بە برەی پشتی سیاسەتی سەرۆک سەدامە . ئەو مەبەستە لە تەک ڕاگویزرانی زۆرە ملێی دانیشتوانی گوندەکانی ئێرێک و وێران کردنی خانوو بە بۆلدیزیرو سڕینەوەی شوێنەواری گوندەکان ، چەکی کیمیاوی و بۆمباران کردنی گوندە دوورەکانی کە دەستی ڕژێم نایگاتێ تەواوکەری سیاسەتەکەیە .

سەرچاوە کوردیەکان سیاسەتی ئێستای ڕژێمی عیراق بە درێژە پێ دانی ئەو سیاسەتە دەزانن کە لە سالی ١٩٧٥ دوای هەرەس هێنانی بزووتنەوە چەکدارەکە دەست پێ کرا . حکومەت بە بیانووی دروست کردنی پەرژێنی ئەمنیەت لە سنوورەکانی ئێران ، ٨٠٠ گوندی وێران کرد . سەدان گوند تووشی ئەو چارە نووسە هاتوە . چ لە ترکەی چالاکیەکانی پێشمەرگە ، یا خود لەبەر باری شەری ئێران و عیراق ، یا هەر بە گوێرەی سیاسەتی کۆن و تازەی بە عەرەب کردنی ناوچە نەوتە لانە دەولەمەندەکان .

ئێستاش دوای وێران کردنی هەزار گوند لە سالی ڕابردوودا ، دەتوانری بگوتری کە ٧٠٪ ی گوندەکانی کوردستانی عیراق لە نێو چووە کە سەرجەمی ژمارەی گوندەکان دەگەیێتە ٤٠٠٠ واتە ئێستا سێ یەکی ( ١/٣ ) خاکی کوردستان لە دانیشتوانی چۆل کردوە . جگە لەوە کە کورد لە شارەکانی کوردستانیش ڕادەگوێزرێ . هەر وەها بە پێی پلانێکی چەپەلی ئەنداری ٢٦ قەزا گۆڕاون بە " ناحیە " . خەلکی گوند و شارە چۆل کراوەکان هێندێکیان روو دەکەنە ئێران یا ناوچە ڕزگارکراوەکان . یا خود حکومەت لە ئوردووگا زۆرە ملێیەکانی تایبەتی لە کوردستان دەیان هێلێتەوە یا ڕایان دەگوێزێ بۆ ناوچەکانی خوارووی عیراق .

بە پێی ووتو وێژێکی مەسعودی کوڕی خوا لێ خۆش بوو مستەفا بارزانی ، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان : " ئەگەر ئەو بارە بەردەوام بێ کوردێک لە کوردستان نامێنێ . ئەوەش پلانی سەدامە . ئەو دەیەوێ وەک سیللمت لە نێومان بەرێ . ئێمە لە پێناو مانەوەی نەتەوەکەماندا خەبات دەکەین ، یا ئێمە دەمێنینەوە یا ئەو " .

کوردەکان گومان لەوە ناکەن کە بۆمبارانی هەڵەبجە ، سزای ئەو ڕۆڵەیە کە گێڕاویانە لە سەرکەوتنی ئەم دواییەی ئێران دا . لە کاتێکا ئێران هەر باسی ڕۆلی کوردەکان ناکا . سەرکردە ئیزامیەکانی پارتی ڕادەگەیێنن کە ئەوان دەوری کاریگەریان بینیوەو تەنیا ٧ پێشمەرگەیان بریندار بوە لە داگیر کردنی پردی سەرەکی کە بوتە هۆی دابڕانی ناوچەی هەڵەبجەو پاشانیش لە ڕێگای گوندێکی وێران کراو خزاونەتە ناوچەکە و هێزەکانی عیراقیان گەمارۆ داوە . ئەوسا پاش ئەو سەرکەوتنە پاسدارەکانی ئێرانی بڕیاری بەشداری ئێلگیری هێزەکانیان داوە لە شەردا .

کارەساتەکەی هەڵەبجە ناکۆکی توندو قوولتر کرد لە نێوان لایەنەکانی بزووتنەوەی کوردی و لە شاستی هاوکاری کردن لەگەل ئێراندا . هێندێک وای بۆ دەچن کە ناکۆکیەکە لە بارەی شێوەی هاوکاریانە لەگەل ئێران . ئەوان دەترسێن لە شەری پارتیزانی دا ناکرێ شارەگەورەکانی وەک هەڵەبجە داگیر بکرێ ، جا بە هەر شێوەیەک بێ بە دایمی یا خود ڕاستەوخۆ لە جیاتی خەلکی تر ( عیبارە مەعەست ئێرانە - وەرگێڕ ) چونکە لە لایەن عیراقەوە لێدانی ئاسان دەبێ ، بەلام هێندێکی تر سەرهەلستی پرەنسیپی خودی هاوکاری کردن . یەکێک لە ٥ لایەنەکانی هاوکاری خۆی کێشاوەتەوە . لە نیەتی ڕاستەقینەی ئێران گومان دەکاو وای بۆ دەچێ لە دوا ڕۆژدا ئێران دەیەوێ خێراتی عیراق بخاتە ژێر دەستی هەر دەمان سیاسەتی حکومەتی عیراق بەرێوە دەبا بەرامبەر داخوازەکانی نەتەوەی کورد . ( ئاام لایەنە ٤٠٠٠ ؟ وەرگێڕ ) .

کوردەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەوان یارمەتی ئیزامی ئێران دەدەن ، بەلام ئێرانیەکان لە هەمان کاتدا بێ ئەرمانە هەر باسی ناکەن وەک ئەوەی لە هەڵەبجە ڕووی دا . دان بە مافی سیاسی کورد دا ناهێنن ، ڕێکخراوی سیاسی کوردی شیوە ئیسلامی دروست دەکەن کە سەر بە خۆیان بێ و بە هەموو شێ ئەوان ڕازی بێ . مەبەستیان خاو کردنەوەی جەماوەرە لە ڕێکخراوە کوردیەکانی ڕەسەن . ئێران هەول دەدا ڕۆلی چەکدارەکانی باقرالحکیمی شیعە دیارتر بکا ، هەرچەندە ئەوان لاوازو بێ هێزو دەوریان کەمە لە سەر شانۆی سیاسی عیراقدا ئێران لە ڕێگای دۆستەکانیەوە دەیەوێ بەرەیەکی گشتی بەرهەلستکارانی عیراق کۆ بکاتەوە کە سوننی و شیعەو کوردی تیدا بێ . بێگومان ئەگەر ئێران لەو پلانەدا سەرکەوێ کە ئامانجی سەرەکیەتی ، دوای وەلانانی حکومی سەدام حوسێن و لە نێو بردنی ئەو ، کۆمارێکی ئیسلامی لە شێوەی ئێران دادەمەزرێنێ .

سەرکردەیەکی ئیزامی کوردەکان ڕای گەیاند کە : " ئەرەکانی هەڵەبجە دەرسێکی گەورەیان دا بە ئێمە " هەر وەها ئەو سەرکردە ئیزامیە لە وتووێژێک دا لە بارەی سەرەو بەش چوونی ئێران لە سەرووی عیراقدا گوتی : " ئێران بۆی نالوی سود لە ئەزموونی پێشمەرگە وەر نەگرێ ، بە تایبەتی کە پێشمەرگە شارەزای ناوچەکەن و مۆبەش .. یان لە سەر بنەڕەتی ڕێکەوتنێکی عادیلانە یارمەتی دەدەین ، یا خود لەمەو دوا هیچ یارمەتی نادەین " . هەر وەها ئەو کوردە ئیزامیە گوتی : " جێی سەر نابینە دەمەدی ئێران " .

لە ژمارە ٣٢ی ڕۆژنامەی عیراق الغد ١٩٨٨/٥/٣ وەرگێڕاوە .



# راپۆرتێک لە کوردستانەوە

لە کوردستانەوە برادەرێکی کوردی دڵسۆز راپۆرتێکی بۆناردوین لە بارەی کارەساتەکەی هەڵەبجە. هەرچەندە راپۆرتەکە لە هونیان نووسراوە بەڵام تازە بەدەستمان گەیشتوە ، ئێمە بە مەبەستی رسواکردنی رێژێمەداگیرکەرەکان دەقەکەی بڵاو دەکەینەوە .

قەزای هەڵەبجە بە ناحیەکانی ( خورماڵ ، سیروان ، بیارە ) وە بە ئۆردووگا زۆرە ملێیەکانی دانیشتوانی بە گوندەکانیشیەوە کە پتر لە ١١٠ - ١١٥ هەزار کەسە مەساحەی لە ١٢٠٠ کیلۆمیتری چوارگۆشە زیادترە . جگە لە کوژراوان ، پاشماوەی خەڵکەکەی ئێستا لە ئێراندان .

■ لە پێش هێرشکەدا بە تۆپ بارانی خەستی هێزەکانی ئێران ، دەیان و سەدان خانوو وێران کراوە لە هەر یەکێک لە شارو شاروچکە - کانی هەڵەبجەو سیروان و عەنەب و زەمەقی و خورماڵ دا سەدان کەس کوژراو و برینداز کراون . بەڵام لە هێرشی بەر بڵاوی ئێراندا ، کە لە چەند لایەکەوە ، بە هاوکاری پێشمەرگەی هێزە کوردستانیەکان لە شەوی ١٣/١٢ مانگی سێ تا شازدەی سێ دا ، دەیان مەعەسکەرو سەدان رەبیەی هێزەکانی رێژێم لە هەر سێ ناحیەکەو شاخەکاندا گیران و کوژران وشاری هەڵەبجەش داگیر کرا . مەسئولەکانی بەعس و ئەمن و ئیستیخبارات و تاوانبارەکانی تر لە شارهەڵاتن بە ئاگری هەموو لایەکیان عیراقی و ئیرانی لە زەوی و ئاسمانەوە . هەزاران کوژراو و بریندار تازە کرا . ئەمە جگە لەو چەند هەزارەی هێزەکانی سپاو جاش و بەعس کە لەناو بران و دیل کران. جەماوەرەکەش بەرەو شاخ و گوندەکانی دەوری شار رایان دەکرد . بە وریایی هێندێك مەسئولانی پارتی کەمترین قوربانی لە جەماوەری ناحیەکانی خورماڵ و سیروان کەوت

بەلام هەڵەبجە بۆ هۆی سەربڕینی ژمارەیەکی زۆر گەورە بە کیمیاوی یەکە .

■ ئەگەر بە بۆمباو موشەکی فرۆکە هەمە جۆرەکانی بەغدا ، تا نیوەرۆی ٣/١٦ گەرەکەکانی : سەرە ، شەهیدان ، پاشا پیرمحەمەد ، جولەکان ، کانی عاشقان شیخ سمایل ، باموك ، پشت خەستەخانەی جمهوری ، دەوری کارگەی توتنەکان ، دەوری گەراجی عوسمان ، ئۆردووگای عەنەب ، دەوری گوندی بیاویل و عەنەب وێران کراو لە خوین و دووکەل داپۆشران و بەشێکی فرەوانیان لەگەڵ زەوی دا تەخت کران . ئەوە لە سەعات ٤/٣٥ دەقیقە عەسری ٨٨/٣/١٦ وە هەتا سەعات ١٠ اشەو، بە رژاندنی گازی کیمیاوی سیانیدو عەنەب بەسەر ناوچە ناوبراوەکاندا و بە چواردەورەی شاردا ، بەسەر کۆمەڵانی ژن و منداڵ و خەڵکی راکردوودا ، لە هەرشوینێکدا هەزاران لاشەی کوژراو و بریندار کۆمەڵ بوون ، کە سەر ژمێری قەسابخانە سامناکەکە زۆر لەمەوە زیاترە کە دەزگاکانی راگەیاندن بلاویان کردۆتەوە .

■ دلتەزین ترین لەوەش بۆ جەماوەری گەلەکەمان ، کەکارەساتەکەی قولتر کردەوە ، ئەوەیە کە ئەو چەندان هەزار برینداره ، هێزە داگیرکەرەکان رێگایان نەدا دەست بەجێ بگوێزرینەوە و خێرا دەرمان بکرێن ، بە بیانوی تا گەیشتنی رۆژنامەچییەکان و نوینەرانی دەزگاکانی راگەیاندن و ئاهەنگی سەرکەوتنی خۆیان بگیرن،ئەوەش بوە هوی مردنی زۆربەی بریندارەکان و خنکانیان بە تایبەت ئەوانەی لە ماڵان و ژیرخانەکانیاندا مابوونەوە .

■ پاش ماوەی جەماوەری شارو ئۆردووگاو ناحیەکان ، ساغ و بریندار پەنایان بردە سنوورەکانی ئێران یان لە لایەن هێزەکانەوە رادەگوێزران ، پاش ئەو سەر برین ووێران کاریەی بەسەریان دا هاتوە ، وەك دیلەکانی تری شەر دەستیان بەسەرا گرتوون و پچر پچر کراون و رێگای دۆزینەوەی کەس و کاروباوك و براو کچ و کور بە یەکتری نادرێ. پێویستیەکانی ژیان و بژیویان بۆ سازو دابین نەکراوە ، پێکەوە کۆ نەکراونەتەوە کە خەلکەکە خۆیان چاك یەکتر دەناسن و یەکتر بدۆزنەوە ، گرتن لە ریزەکانیان دابەردەوامە ، پەلە پەلیان لێ دەکرێ ئا لەو حالەتەدا کە ببن بە ئیسلامی و چەك بۆ کۆماری ئیسلامی و ریکخراوە چەکدارەکانی هەڵ بگرن. یەك لەسەر یەکتر شاهیدی بدەن، کۆمەل کۆمەلیان بۆ دوورترین شارەکانی ئیران ( یزد - ئاراك ...هتد ) دوور دەخەنەوەو لە یەکیان دەپچرینن.

ئەوانەی تریشیان لە شارەکانی (هرسین ، سونقر و کنگناوەر)ی کرمانشاندا و لە شارەکانی پاریزگای کور دستاندادەس بەسەر کراون ، زۆربەی خیزانی و خەلکەکە هەواڵی کەس و کارەکانیان نازانن. چونکە رێگای ئاموشۆی یەکتری و گەرانەوەیان بۆ هەڵەبجەو ناحیەکان نادەن.

■ لە کوژی ئەو سەربرین و قەسابخانە کومەلیەدا ، زۆربەی ماڵ و سامان و پارەی ئەوخەلکانە تالان کراوە، هەتا ئالتوون وزیو و زیو و پارەی کوژراوەکان وبریندارەکانیش ، جگە لە ماڵەکانیان تالان کراون .

■ رژێم پاش شکستی هێنانی هێزەکانی لە هەڵەبجەو شارەزوور دا پەلاماری سەرشێتانەی بردە سەر ناوچەکانی دەربەندیخان،قەرەداغ و هێزێکی زۆر گەورەی پیادە و توپخانەو تانك و فرۆکەی هەمە جەشنەو موشەکی جۆراوجۆرو بومبای هێشویی لە نیوان ٣/٢٢ - ٤/١ دا پینج جار بە گازی کیمیاوی گوندە بیچکەکانی ناوچەکەی بومباران کردوەو دەیانی کوشتوەو سەدانی بریندارکردوە . پاش چوڵ کردنی ناوچەکە لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبە بەرهەڵستکارەکانەوە ، رژێم ناوچەکانی داگیر کردوەو خەلکیکی زۆریان کوشتو بریندارکردو گرت و سامانەکانیان تالان کردن. لەو چەند رۆژەدا ( ١٣٣ ) گوندیقەرەداغ و دەربەندیخان و بازیان وسەنگاویان سووتاندوو خاپوورکردو خەلکەکەیان بەدیلی گوێزرایەوە بۆ پشتەوە .

■ رژێم دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان و ناحیەو ئۆردووگا زۆرە ملێیەکانی بە زۆری گوێزرایەوە بۆ ناوچەکانی(سلیمانی- بازیان چەم چەمال - کەرکوك ) کە ناوی کورد بچێتە وە ناو شاری کەرکوکی تەعریب کراوەوە . هەر لەوکاتەشدا دانیشتوانی ناوچەکانی سەیدسادق و ئۆردووگاو گوندەکانی شارەزووریشیان راگواست . پێش ماوەیەکیش قەزای چوارتاو ئۆردووگاو ناحیەکانی لە دانیشتوانی چۆڵ کران ، کە بە لای کەمەوە ژمارەی هەموویان لە ١٣٠ هەزار کەس زیاترە ، بێئەوەی پێویستیەکانی ژیان و بژیویان بۆ دابین بکەن و هێندیکیان لەچادر دان ژیانیکی پر مەترسیداریان هەیە .

■ دەکرێ بگوترێت کە نزیك لە تەواوی قەزای هەڵەبجەو زۆربەی قەزای پێنجوین و نیوەی قەزای چوارتا ئێستا لە ژیردەستەلاتی سوپای ئیراندایە . شاری دەر بەندی خان و سلیمانیش لەگەڵ کانیە نەوتیەکانی کەرکوك دا لەبەر دەم مەترسی گەورەدان ، بەڵێ ئەگەر هەتا دوینێ باسی داگیرکردن و داگیرکەران دەکرا . ئێمڕۆوە بەشێکی گەلە خۆشەویستەکەمان لە ناو جەرگەی کارەساتەکاندا تا لاپی دەچێژێ ، لە بەین دوو جەنگاوەر دووچاری ئیگریسی هەردوودوژمن هاتوە ، لە بن پۆستاڵی هەردووکیان دەناڵێنێ .

■ قەتعەکان وانە لوحەی (بەخێر بێن بۆ کۆماری ئیسلامی عیراقعان) لەزور شوینە داگیرکراوەکان دەبینرێ .

■ هێزەکانی کوردستانیش لەو شوێنە داگیرکراوەی ولاتەکەماندا وەك بیگانە رەفتاریان لەگەل دەکرێ بەڵێ ئەوە پاداشەکەیە ، خوا بەزیادی نەکا ..

بۆ لایەرەی ٨

پاشماوەی ل ١٢

## بەیانێ لە بارەی پێکهاتنی « بەرەی کوردستانی‌ی عێراقی»

تەئکیدی ئەوەشە کە بەرە چەکێکی بەراست گەڕاو و کاریگەرە بۆ بەرگرتن و روخاندنی رژێمە سەرکوتکەرەکان • بەرەش لە هیچ هەل و مەرجێک دا هەر کۆی هێزە شۆڕشگێڕەکانی نێوی نی‌یە ، بەڵکو زۆر لەوە بەولاترە بەو پێ‌یەی کە رەنگ بە ویست و بەرژەوەندی‌یە بنەرەتی‌یەکانی گەلەکەمان دەداتەوە و زەمینەیەکی لە باریشە بۆ بەگەڕخستنی ووزە داهێنەرەکانی کە باری پەرت پەرتی نەیهێشتووە بە دەرکەون • هەروەها گیانی بەرەیی راستەقینە دەتوانێ ئەو کەلێنانە بگرێ کە دوژمن دەیەوێ سوودیان لێ وەرگرێ و پلانە گڵاوەکانی لێ‌یانەوە جێ بەجێ بکات • بەر لە هەر شتێکیش ، خەباتی بەرەیی لە هەل و مەرجی ئێسرۆدا ، چوارچێوەی هەرە باڵایە کە یەکێتی‌ی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە دەرو نێوخۆدا بەرجەستە بکات و دەنگی یەکگرتووو هێزی راستەقینەی لەبەرچاوی هەموان بەدیار خات •

بەرە لە کاتێک دا ڕادەگەیەندرێ کە پەلاماری دڕندانەی رژێم لە ژێر پەردەی ( پاکتاو کردنی بنکەکانی بەرهەڵستکاریی ) لە تاو سەندن دایە ، بۆ جێ بە جێ کردنی مەسلەکەی شوڤێنی‌یانەیان بە نیازی کاول کردنی کوردستان و بە عارەب کردنی پاش چۆڵ کردنی لە دانیشتوانی ئەسلی‌ی کە هەر ئێستا خەریکی دەربەدەر کردنی هەزاران هاو وڵاتین لە شاری کەرکوك و ئەو گوندە کورد نشینانەی لەو پارێزگایەدا ماونەتەوە و قەزا کوردنشینەکانی سەر بە پارێزگای " صلاح الدین" و "دیالی" وئیدیش ؛ هەر وەکو شارۆچکەی قادر کەرەم وێران کراوە و دانیشتوانی دەربەدەر کراون ،و زۆر رەفتاری شوڤێنیستانەی تریش • پێویستی‌ی بەگرتنی هەرچی زووتر و جیدی بەو رژێمە پیاو کوژە و پیلانەکانی ئەوەی هێناوەتە پێش کە لایەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە بەرەیەکی کوردستانی دا خەباتی خۆیان یەکخەن ، کە دوو ساڵە هەوڵی پێکهاتنی دەدرێ• ئیمرۆ ئەو هەوڵە بەوە گەیشت کە هەموان لە سەر پرۆگرام و پێڕەوی نێو خۆی رێکەون ، کە لە بەرایی ئەرکەکانی دا ئەوە دیاری کراوە کە هەوڵ دەدات بۆ زەمینە خۆش کردنی بەرەیەکی نیشتمانی فراوانی عێراقی بۆ رێکخستنی وبەگەڕخستنی ووزەو توانای گەلی عێراقیمان بە هەموو نەتەوەو بەرە وڵان و هێزێکی نیشتمانی‌ی بەرەنگارەوە بووی دیکتاتۆریەتی فاشی و شەڕخواز ، لە بۆ ڕمانی رژێمی دیکتاتۆریی و پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتیلافی‌ی نیشتمانی‌یو دیموکراتی‌ی کە دەسەبەری بەدیهێنانی مافەکانی گەل و ئازادی‌یە دیموکراتی‌یەکانی بێ و هەموو مافە نەتەوایەتی‌یە ڕەواکانی گەلی کوردیش مسۆگەر کات•

بەرە لە سەر بناغەی چارە سەری ئاشتی‌یانەی رەوای مەسەلەی کورد لە کوردستاندا بۆ کۆتایی هێنان بەو جەنگی لە نێو بردنە رەگەزپەرستانەیێ تاقمە فاشی‌یەکەی رژێم بەسەر گەلی کوردیان دا سەپاندووە تێ‌دەکۆشێ•

تاقمە دیکتاتۆری‌یە فاشی‌یەکە و دەزگاکانی راگەیاندنی سەر بە ئیمپریالیزم لە هەوڵی ئەوەدان کە مەسەلەی رەوای گەلەکەمان بە جەنگی عێراق و ئێران چەواشە کەن و داپۆشن • لە کاتێك دا کە جەنگی شۆڤینیانەی دژ بە گەلەکەمان زۆر لە ( قادسیە ئاکەی صدام کۆنتترە وخەباتی گەلەکەمان لە جەنگی عێراق و ئێران جوێیە و تا بە دەست خستنی ئامانجە رەواکانی هەر بەردەوام دەبێت •

چارە سەری مەیدەنی و راستەقینەی مەسەلەی کورد ناکرێ ، تەنیا بە دەست خستنی مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی نەبێت ، بەوەی کە ئەوە چارە سەری شۆڕشگێڕانەی بنەرەتی و ڕەوای ئەو مەسەلەیە •

بە بەرچاو گرتنی هەل و مەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ، بەرە بۆ مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق دا و بە کارهێنانی هەموو مافە نەتەوایەتی‌یە رەواکانی بە پێی باری هەلکەوت و بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بەرانبەر گەلی کورد و کەمە نەتەوەیەکان و پێمانەوەی سیاسەتی جیاخوازیی نەتەوایەتی و ئایینی و تایفی‌ی تێ دەکۆشێ • بەرە سووریشە لە سەر خەباتی ئێڵگێڕانەی بۆ سەقام گێر بوونی دیموکراسی لە هەموو بوارێکی ژیانی کۆمەڵگەی عیراقی دا بۆ رەخساندنی ئەوپەری ئازادی‌یە گشتی‌یەکان •

کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەر بە درێژی سەرنجی دایە بەرەنجامە دزێوەکانی قادسیەی رەش ، کە رژێمی صدام نەهێنی گر لە ٢٢ی ئەیلولی ١٩٨٠)وە دژی ئێرانی هەڵگیرساندووە، کە هێزو پێزی بە شەری و ماددی لە هەردووگەلی دۆست و هاوسێی ئێرانو عیراق بڕیوە و کارەساتی زۆر دڵتەزێنی بەسەر هێناون و دەرفەتی ئەوەی بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانە ئیمپریالی‌یەکانی رەخساندوە کە هێزەکانیان لە ناوچەکەدا قایم تر کەن ، بەتایبەتی لە (خلیج) دا ، پاش ئەوەی شەرەکە بە هاوکاری رژێمی دیکتاتۆری‌ی عێراق و ئەمریکا و کۆنەپەرستانی ناوچەکە جەنگەکە کرایە جەنگی عارەب و جەنگی نێو دەوڵەتی‌ی بۆ ئەوەی زیاتر دەست بگرن بەسەرو سامانی ئەو گەلانەدا و سیاسەتە ئیمپریالی‌یە شەڕخوازەکانیان جێ بەجێ بکەن•

کارو رەفتارە پیاوکوژانەکانی رژێم بەرانبەر گەلی عێراقمان و جەنگی لە نێو بردنی دژی گەلی کوردمان و جەنگی قادسیەی شووم و سەرەنجامەکانی ، هەموانیان لە ئایدیۆلۆجیەتی شۆڤێنیستانەی حیزبی عەفلەقی و هەڵکەوتی فاشیانەیەوە رەنەیان کردووە، بۆیە دەبێ گەلەکەمان و هەموو گەلانی ناوچەکە لەم تراژیدیا پڕ ناسۆرەوە گرنگێتی لە رادەبەدەری خەبات کردن لە پێناوی ئازادی و دیموکراسی‌ی بەربەرین بەرچاو گرن ، چونکە دەسەڵاتداران لە نەبوونی ئازادی دا ، ئازادی گەلان لە دەربڕینی ویستی خۆیان دا لە هەموو سەروەرێکی ژیان دا ، نەبێت ناوێرن جەنگی ئاوا ناڕەوا بەرپا بکەن •

"بەرەی کوردستانی‌ی عێراقی " بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگی عیراق و ئێران و سزا دانی ئەو تاقمە دیکتاتۆری‌یە ، وەکی تاونباری جەنگی‌ی ، تێ دەکۆشێ و خەبات دەکات بۆ بەرقەرار کردنی پەیوەندی دۆستانەی هاوسێیەتی و پتەو کردنی هاوکاری نێوان هەردوو گەلەکە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی‌ی و بۆ مسۆگەر کردنی ویستی گەلی عیراق لە هەڵبژاردنی خۆ ویستی ئازادنەی رژێمی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی و بە هەق ناسینی دەسەڵاتی هەردوو وڵاتەکە ، بێ لێ دابڕاندن و بەرخۆتی بەسەر گەوشەنی خۆیان دا •

کۆبوونەوەی حیزبە تێکۆشەرەکانمان لە مەسەلەی بەسەرەوە چوونی بەرنگاربوونەوەی فەلەستینی‌ی دوا و سوور بوونی خۆی لە سەر ئەوە دەربڕی کە بەرە هاوکاریی تەواوی خۆی لەگەڵ راپەڕینی مەردانەی جەماوەریی فەلەستینی کلپەی سەندوو لە ( الضفة الغربية) و هەرێمی ( غزە ) ی داگیرکراودا ڕادەگەیەنێ، و بەرە پشتیوانی خۆی لەو راپەڕینەی هیوای لەبەر گەلانی ناوچەکە ناوە و بڕوای بە سەرکەوتنی مسۆگەر بە هێزتر کردوە و دنەی تێکۆشانی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی داوە، ڕاگەیاندوە•

بەرە پشتگیریی تەواوی خۆی لە تێکۆشانی ڕەوای گەلی فەلەستینی خۆ راگر بە رابەرایەتی ( ڕێکخراوی رزگاریخواز )ی دەوڵەتی نیشتمانی‌ی فەلەستینی سەربەخۆ لە سەر خاکی خۆی دا دەردەبڕێت •

بەرە هەواڵی یەکخستنی ریزەکانی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی و دەست پێشکەریەکانی هێنانەوە بەر باری هاوپەیمانێتی سووری و فەلەستینی - نیشتمانی‌ی لوبنانی گەلەك لە بار دڵ خۆش بوو •

کۆبوونەوەی تەئکیدی لە سەر هاوتێکۆشانی‌ی توندو تۆڵی نێوان

←

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە سەرێکەوەو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی عارەبی و سەرجەمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازەکانی ناوچەکە لە سەرێکی ترەوە کردوە .

کۆبوونەوەکە شادی خۆی لە مەڕ هەوڵی نێو دەوڵەتیی دەربڕی بە تایبەتی پێك گەیشتنەکانی سۆفیەتی و ئەمریکی لە بۆ خاو کردنەوەی گرژیی نێو دەوڵەتی و پەیمانەوەی ڕاکێشە کورت و ناوەنجی بوردەکان لە ئەوروپا و هەوڵی سنووردان بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی و لە نێوبردنی چەکی کیمیاوی و لە پێناوی داماڵینی چەك و بەرقەرار کردنی دنیایەکی بێ شەڕو شۆڕ کە لە گەڵ داهاتوو و ئارەزووەکانی هەموو گەلانی سەر گۆی زەوی بە گەلەکەی خۆشمانەوە گونجاوە .

**ڕۆڵەکانی گەلە مەزنەکەمان ، ژنان و پیاوان لە هەموو بەرەکانی گەل دا :**

هێزی پێشمەرگەی حیزبە تێکۆشەرەکانمان و جەماوەری ناوچە ڕزگارکراوەکان بۆ پێش گرتن بە شاڵاوی ناجوامێرانەی ڕژێمی مرۆکوژ داویانەتە پاڵ جەماوەری شارەکان ، و ساڵی ڕابردوو ، بە تایبەتی لە ئازاری ١٩٨٧ وە بەرەنگاری پەلاماری دڕندانەکانی ڕژێم بوونەتەوە . هێزی پێشمەرگەی کۆڵنەدەر بە ئازایەتی و باوەڕی لە بن نەهاتووەوە بەردەوامە لە زەبری کورجو بڕ دان لە هێزو دەزگاکانی ڕژێم بۆ سەرکەوتنی یەکجاریی .

پێشمەرگە و ڕۆڵە تێکۆشەرە دلێرەکانمان لە عەدالەتی مەسەلەکەمان و خەباتەکەمانەوە و لە باوەڕی پتەویان بە وورەو توانای بێ سنووری مێللەت و بازووی جەماوەری زەحمەتکێشی و ستەمدیدەی بەر بەڵای جەنگ و چەوساندنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جیاوازیی نەتەوایەتی چ بەرانبەر گەلی کورد و چ بەرانبەر کەمە نەتەوایەتی و ئاینی یەکانەوە ئیلهامی عەزم وەردەگرن . ئێوە ئەو سەرچاوەیەن کە بەرە هێزو پایەداریتان لێ ئەوە وەردەگرێ ، چونکە وەستی ڕەوای ئێوە بۆ ئازادی و ڕزگاربوون لە دۆزەخی فاشیان دەردەبڕێت . بەرە تێکۆشەرەکەمان بانگتان ڕادەکێشێ بۆ گردبوونەوە لە دەوری ئالاکەی . هەر ئەوە شە ڕێی بەرەنگاربوونەوەی زەبرو زەنگ و سەرکەوتن بە سەر باری سەختی ژیانتان دا ، ڕاگوێزرانە و ستەم و ئاوارە کردنتان .

**کرێکاران و جوتیاران ، زەحمەتکێشانی بە شەرەف :**

بە ڕووی ئەو ڕژێمە دا ڕاست بنەوە کە بە هەموو ڕێیە لە دووی چەوساندنەوەی زیاترتاندایە ، چ بە بێ بەشکردنتان لە ماف و ئازادییەکانتان و چ بە زەوتکردنی بەشی هەرە زۆری بەری ڕەنجتان بە بیانووی کۆمەك بە جەنگ و ڕاپێچدانی ڕۆڵەکانتان بۆ قەسابخانەی مەرگ لە بەرەکانی جەنگ دا .

**ئافرەتان ، قوتابیان و لاوان :**

ڕاپەڕن و بۆ سەرنگوم کردنی ئەو تاقمە فاشیەی هیچ حورمەتێکی بۆ دایکێتی و پیرۆزییەکی بۆ منداڵێتی و ئازادی بۆ پێشکەوتن و زانست و بەدەرکەوتنی بەهرەو داهێنان نەهێشتۆتەوە و هەموو کۆششێکی لەبەر دەم گەشەی کەسایەتی مرۆڤ دا ڕاست کردۆتەوە و سوکایەتی پێ دەکات ، بدەنە پاڵ بەرە تێکۆشەرەکەمان .

**چەکدارە نیشتمانی وڕۆڵەکانی هێزە چەکدارییەکان :**

**هە ڵخەڵەتاوانی سەر بە هەموو دەزگاکانی ڕژێم :**

بەرەکەمان لە بۆ ڕزگاری خۆتان و خێزانتان لەو دۆزەخەی ، بە هۆی بەردەوامیی ڕژێم و تاوانەکانی و جەنگەوە ، بۆی داخستوون دەست بەکارە ... بانگتان دەکەین بۆ ئەوەی لوولەی تفەنگەکانتان بە ڕووی فاشیان دا وەرگێڕن و بێنە سەنگەری بەرەوە ، سەنگەری گەل و لە پێناوی ئەوەی ئاسایشتان بۆ وەگەڕێ و لە ژێر سایەی ئازادی دا مافی ژیانتان بپارێزرێ و نەفرینی ترس و تۆقاندنی ئیستانیەتتان دەگۆڕێ لە سەر نەمێنێ .

**ڕۆڵە بە وەجەکانی کوردستان : ئەمە بەرەی ئێوەیە**

ئەمڕۆ مژدەی پێکهاتنی بەرەی تێکۆشانی کوردستانیتان دەدەینێ ، کە دەستێکە بۆ یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە و دەزگاکانی شۆڕش تا ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بکات خەباتی بۆ دەکەن ، بۆ ڕزگاریی نەتەوایەتیتان و ڕزگاربوونتان لە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و لە نێو بردنی و کارەساتەکانی ئەو شەڕە چەپەڵ و ڕزگار کردنی کوردستان لە بە عارەب کردنی و سڕینەوەی سیمای نەتەوایەتی ، و لە پێناوی ئازادی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دا . بانگتان ڕادەکێشێ کە لە دەوری بەرەکەتان گرد ببنەوە و لە خۆتانی گرن و وورەو تواناو هەست و ئەستانی بدەنێ ، ئەمەش ئەو مەرجەیە کە دەبێ بڕەخسێندرێ بۆ سەرکەوتنی وەست و خواستەکانتان .

دە بەرەو بەشداریی بەربەرین و کارێگەر ، لە هەموو بوارەکانی تێکۆشان دا ، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەتان کە دەیان هەزار قوربانیتان بۆ داوە هەنگاو هەڵێنن .

**جەماوەری تێکۆشەری گەلی عیراق :**

بەرەکەمان کە هێزەکانی شۆڕشی کوردستان یەکدەخات ، ئاڵاچەی نیشتمانیی و دیموکراسیەکانی ئێوەشی بەسەر خۆیەوە دەگرێ وخەبات بۆ یەکخستنی هێزەکانی گەلی عیراقمان لە بەرەیەکی عیراقیی فراوان دا دەکات ، کە بۆ ڕزگار بوونتان لە نەهامەتیەکانی جەنگی فاشی و بەدیهێنانی دیموکراسی و ئاشتی تێ دەکۆشێ . داواتان لێ دەکەین هاوکاریمان بکەن و زیاتر پشتگیریی لە مەسەلەی نەتەوایەتی ڕەوای کورد بکەن ، داوای درێژەدان بە خەبات و هەماهەنگی تێکۆشانتان لێ دەکەین .

**هێزە ڕزگاریخوازە نیشتمانی یەکانی عارەبی :**

بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە تێکۆشانی دژی کەڵەگایەتی ئیمپریالیزم و دژی زایۆنیزم و کۆنەپەرستی و لە بۆ ڕزگاریی یەکجاری و یەك بوون و لە پێناوی دیموکراسی دا هاوپەیمانێکی خۆڕسکی و گوڕتانە . بەرەکەمان لە بەر ڕۆشنایی پەیوەندیی برایانەی کورد و عارەب و پێویستیی حاشا لێ کراوی خەباتی ناو کۆیمان هەنگاو هەڵدەگرێ . خوازیاری پشتیوانیی لە بەرکەمان و قوڵ کردنەوەی هاوکاریی لە گەڵ مەسەلە ڕەواکەمان دا و بەرگری کردنتانیی لەگەڵی کوردستان لە بانبەر ئەو شەڕی قەلاچۆکردنەی ڕژێمی سدام بۆی لە بەر چاو گرتووە .

**هێزە خێرخوا و پێشکەوتوەکانی ناوچەکە و دنیا**

بزووتنەوەکەمان بزووتنەوەی گەلێکی لە مێژوودا بەشی خوراوە ، گەلێکی بێ بەش لە مافە ئینسانی و دیموکراسییەکانی . گەلەکەمان بۆ دان نان بە مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی ، وەکو هەموو میللەتانی دنیا ، خەبات دەکات . کە لە لایەن تاقمە فاشییەکەی عیراقەوە بە وێران کردن و کوشت و کوشتاری بەر بەرچ دەدرێتەوە کە گەورە و بچووك هەڵناوێرێ .

بەرەکەمان کە هەڵقوڵاوی نێو ژان و ژواری میللەتەکەمان و خەبات و خۆڕاگریی دلێرانەو خواستە ڕەواکانیەتی ، چاوی بڕیوەتە ئەوەی هاوکاریی بکەن و پشتگیری لە مەسەلەکەمان بکەن و دەنگی نارەزاییتان بە ڕووی تاوانەکانی ڕژێمی عێراق بەرانبەر گەلە ئاشتی خوازە بێ وەیەکەمان بەرزتر کەنەوە .

ئێمە کە قەدرو بێ زانینی زۆرمان بۆ هەموو ئەو دەنگە بەشەرفانەی لە چوارقورنەی دنیاوە بۆ پشتگیری لە جەماوەری گەلەکەمان لەو دوای کارەساتی هەڵەبجە دا و نارەزایی لە ڕووی ئەو تاوانە ساماناکەی ڕژێم بەرز کردۆتەوە دەردەبڕین ، داواتان لێ دەکەین کە درێژە بە مەحکوم کردنی ئەو تاوانە و تاوانەکانی دیکەی قەلاچۆ کردنی گەلەکەمان بدن ، کە خۆی لە خۆی دا تاوانێکە بەرانبەر هەموو مرۆڤایەتی دەکرێت .

دەبا هۆش و بازووی خێر خوایانی هەموو گەلانی دنیا دژی ستەم و دادۆشینی و جەنگ مەینەتەکانی و لە بۆ ئاشتی و ئازادی و داوی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی یەك کەون .

**" بەرەی کوردستانیی عێراقی "**

**٢ ی ئایاری ١٩٨٨**

بەیاننامەی پێکهاتنی " بەرەی کوردستانی عیراقی " مان پێ گەیشتووە، ئێمە لەگەڵ پیرۆزبایی لە دامەزرێنەرانی بەرە و پشتیوانی لەم هەنگاوە بەکەڵک و پیرۆزە لێرەدا دەقی بەیاننامەکە بلاو دەکەینەوە.

" سەردەمی نوێ "

# بەیانێ لە بارەی پێکهاتنی بەرەی کوردستانیی عێراقی

لەبەر هەستی لێپرسینەوەی مێژوویی بەرامبەر چارەنووسی گەلی کوردمان و مەسەلە ڕەواکەی، و لە درک کردن بە پێداویستییەکانی خەباتێکی سەرکەوتووانە، بۆ جۆش دانی وورەو تواناکانی گەلەمان، حیزبە تێکۆشەرەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانی:

پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک)، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراقی، پارتی گەلی دەموکراتی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆتایی نیسان و سەرەتای ئایاری ١٩٨٨ دا کۆبوونەوەو ڕێ و ڕەوێەکانی یەکخستنی تێکۆشانی دژی فاشیەت و جەنگیان خستە بەر باس و گەیشتنە بڕیارە مێژوویی کەیان بە پێکهێنانی " بەرەی کوردستانیی عێراقی "ی تێکۆشەر، وەکو ئامرازێکی تاقی کراوە بۆ ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بە یەکخستنی هێزو دەزگاکانی شۆڕشەکەی و لە پێناوی بەرەنگار بوونەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری و زەبرو زەنگی هەمە لایەنەی بەرامبەر گەلی عێراق بەگشتی و بەتایبەتی بەرامبەر گەلی کورد. ئەو ڕژێمەی کە پەنا بۆ هەموو شێوازێکی کوشتن و بڕین و کاول کردن و وێران کردنی بەشی هەرە زۆری گوند و شارۆچکە کورد نشینەکان دەبات، و لە ئاگر خۆش کردنی جەنگی لە نێو بردنی گەلی کورد، تا ئەندازەیەکی زۆر پڕ مەترسی لە دەست دانە بە عەرەب کردن و ڕاگوێزتنەوە و بە کۆمەڵ کوژی و بە کار هێنانی چەکی کیمیاویی قەدەغە کراوی نێو دەوڵەتانەوە نەپرینگاوەتەوە، وەکو پارەکە لە دۆڵی جافەتی و بالیسان و دەشتی کەرکوک و گوندەکانی ئامێدی بە کاری هێناوە و سەری تاوانەکانیشی بە ترۆپکی تاوان لە شاری هەڵەبجەی شەهید دا ناوەتەوە، کە بە جۆرەها چەکی کیمیاوی داێنزاوەو قەسابخانەیەکی بەشەری سامناکی گێڕا کە دە (١٠) هەزار شەهید و برینداری تێدا بووە قوچی قوربانی، ئەو تاوانە سامناکەی کە ویژدانی میلیۆنها مرۆی خێرخوای لە دنیا دا و ڕێکخراو و دەزگا دیموکراسی و ئینسانییە نێو دەوڵەتییەکانی هاژاند، کە بە شێوەی جۆراوجۆر نارەزایی یان بەرامبەر ئەو تاوانەی ڕژێمە پیاو کوژە دەربڕیوە، و لە خێرخوایانی دنیاوە دەنگی بلند بۆتەوە کە ڕۆژی بۆمبارانی هەڵەبجە بکرێتە: ڕۆژێکی جیهانی بۆ تێکۆشان لە پێناوی قەدەغە کردنی چەکی کیمیاوی دا ".

**هاو وڵاتیانی بە شەرەف :**

لە نێو دارو پەردووی کاول کراوی کوردستانی عێراقەوە هیوای گەورە دەدرەوشێتەوە کە لێوەی " بەرەی کوردستانیی عێراقی " دەڕسکێ، ئەوەش بۆ خۆی بەرهەمی ئەو پێکهاتنەو ە گشتییەی دوو سالی دوایی یە، و

بۆ لاپەری ١٠

## نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین



لە ١٩ی ئەم مانگەدا یادی ٤١ سالەی شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستانە، هەزار سلاو ڕێز بۆ گیانی پاکی شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، مردن و سەر شۆڕی بۆ داگیرکەران و ئیمپریالیزمی جیهانی .



لەرۆژنامەی «خەبات»ەوە

Serdema Nû
TRYCK: ARARAT TRYCK
XWEDÎ: Dr. Cemşid Heyderî
BERPIRSYAR& REDAKTOR: Kerîm Hussamî
Postgiro: 420 4506 - 2
ISSN 0284-3412
P.O.BOX 7066
16407 KISTA
SWEDEN

هەواڵنامەی کتێب